گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزیی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران دەریدەکات.


سەرنووسەر: پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
جێگری سەرنووسەر: پ.ی.د.سیروان جەبار ئەمین(زەند)
بەڕێوەبەری نووسین: پ.ی.د.پەخشان سابیر حەمەد

**دەستەی نووسەران:**

پ.د.سەلاح ئەلحەیدەری
پ.ی.د.سەعید عەزیز شەمسەدینی
پ.ی.د.مەجید خزر ئەحمەد
پ.ی.د.ئەمیر رەفیق عەولا
د.ئامانج ئەحمەد
د.شێرزاد سەعید سدیق

**دەستەی راوێژکاران:**

پ.د.ئازاد نەقشبەندی
پ.د.کامەران حوسێن ساڵەیی
پ.ی.د.سادق کەریم یەحیا
پ.ی.د.یادگار رەسول حەمەدەمین
پ.ی.د.شێرزاد شەفیع بابۆ(بارزانی)
د.نەهرۆ زاگرۆس



ناونیشان: کوردستان- هەولێر- سۆران- گەرەکی ئەیلول
ئیمێڵ: twejer@soran.edu.iq
ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٨٧٢٧

# چەمکی بەرنگاری لەکۆمەڵە چیرۆکی (بوومەلەرزە) ی کاکەمەم بۆتانی

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە

م.ی ڕێزان عوسمان مستەفا

زانکۆی سەڵاحەددین/ کۆلیژی هونەرە جوانەکان

## پێشەکی.

بەرەنگاری وەك بابەت، دیاردە، یەکێکە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە خۆرسکەکانی گیانەوەران لەبەنبەر هەر پێشهات و ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا، کەواتە دەکرێ بڵێین، ئەم خەسڵەتە لەمرۆڤدا زۆر هەستیارترە لەچوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی، نەك لەبەرانبەر دوژمن (دەرەکی ـ ناوەکی)، بەڵکو لە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیشیدا، کە گەورەترین ململانێیە بەردەوامیەکانیەتی، ئەمەش وایکردووە بابەتی بەرەنگاری ببێتە یەکێك لەبابەتە دەوڵەمەنەکان لەئەزمونی نوسەرانداو خاوەن بەهایەکی مرۆڤایەتی تایبەتی خۆی بێت، هەر ئەم تایبەتمەندییە پاڵنەرو هاندەر بوو، بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە تەرخان بکەین بۆ شیکردنەوەو خستنەڕووی چەمکی بەرەنگاری لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەمان لەدوو بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باسی لایەنی تیوریمان کردووە لەچوارچێوەی دوو تەوەردا، لەنێوان چەمکی بەرەنگاری و چەمکی بەرەنگاری لەدیدی کاکەمەمەوە خراوەتەڕوو. بەشی دووەمیش گێڕانەوەی بابەتی بەرەنگارییە لەچوارچێوەی ئەو بابەتانەی نووسەر لەدەقەکاندا

گێڕاوەتیەوە، لەوانە : بواری سیاسی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و ئایینی. ئەمانەیش لەڕێی کۆمەڵێ نمونەی دەقەکانەوە شیکراوەتەوەو پراکتیزەکراون.کۆتایی باسەکەمان بەکۆمەڵێ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خستۆتەڕوو.

**بەشی یەکەم : چەمکی بەرەنگاری لەنێوان بۆچوونی گشتی وخودییدا.**

**تەوەری یەکەم : چەمکی بەرەنگاری لەدووتۆی وتووێژێکی بەردەوامدا.**

مێژووی مرۆڤایەتی لەنێوان ئێرەو ئەوێ و بەردەوامیەتی ژیان چەندین هەوراز و نشێوی داهێنان، تۆمارکردن، ڕووبەڕووبوونەوە، ململانێ و بەرخودانی لەپێناوی مانەوەدا... هتد تێپەڕاندووە، بەو واتایەی مرۆڤایەتی لەهەموو ساتەوەختێکدا لەپێناو ئاسۆیەکی نوێ (بەپێ پێداویستی و بابەتی باوی ڕۆژ) بەرەنگاری دەوروبەر بۆتەوە بۆ هێنانەکایەی باشتر.

کەواتە بەرەنگاری هەموو کەلێن وقوژبنێکی تاقیکردۆتەوەو تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی شوێن پەنجەی خۆی لەنووسینەوەی مێژوودا بچەسپێنێ لەنێوان هاوکێشەی چاودێرێ تاکی وشیار لە سێگۆشەی (تاك ـ دەسەڵات ـ جەماوەر)، کە کاری تاکە وشیارەکانە لەسێبەرەوە بەدواداچوون بۆ دەسەڵاتی دەسەڵاتداران(دەسەڵاتی خۆجێی ـ دوژمن ـ داگیرکەر) بکەن. بەردەوامیش لەپرۆسەی وشیارکردنوەی جەماوەردابن، لەم بارەیەوە جەواهیری دەڵێت : (پێویستە بەردەوام لە هەڵگەڕانەوە بژین بەرانبەر سەرجەم کردە دژیەکەکانی کۆمەڵدا.) (ماجد السامرائی، 1969 : 16) بەو واتایەی تاکەکانن، سەرەتا هەست بەو پێشهات و گۆڕانکاریانەدەکەن لەلایەن دەسەڵاتەوە دەهێنرێنەکایەوە(هەر جارەی بوارێك قۆرغ

دەکەن بۆ ئەوەی خەڵك چەواشە بکەن، لەبازنەیەکی داخراودا وەرچەرخێن)، بۆیە ئەرکیان بەرچاو ڕوونکردنی جەماوەرە، لەو گۆڕانکاریانەو چۆنیەتی مامەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەو هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیاندا لە هەر بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئایینی... هتد. کەواتە گشتگیری چەمکەکە وایکردووە چەندین لێکدانەوەو پێناسە و بەدواداچوونی جۆراو جۆری بۆ بکرێت لەوانە،

لەفەرهەنگی(وشە نامە) یشدا هاتووە :

(بەربەرەکانی : بەربەرەکانێ. بەربەرەکانی کەردەی: بەربەرەکانی کردن) (جەمال حەبیب،2010: 153)

لەفەرهەنگی (ڕێژگە) دا هاتووە :

(بەرهەڵست کار : کەسێك کە بەدژی کارێك ڕادەوەستێت؛ مخالف.

بەرهەڵستکاری : ڕاوەستان بەدژی کارێك هەڵویست گرتن لەبەرانبەر کارێك یان کەسێکدا؛ ف؛ مخالفت.) (ئەمین گەردیلانی، 2009 : 43). تاکی هەر گەلێك، میللەتێك بەرانبەر جەور و ستەم و دەستدرێژی بەرانبەرەکەی گڵپەدەگرێت و بەرگری لەحۆیدەکات، چونکە هیچ کەسێکو لایەنێك بەبێ هۆیەك ناکەوێتە هەڵوێست وەرگرتن، ئەگەر لەکایەیەك لە کایەکانی ژیاندا دژایەتی نەکرێت.

بەڵام لەڕووی زاراوە دەکرێ بڵێین ئەدەبی بەرەنگاری بریتیە لەو ئەدەبەی، کە (تاکە ئەدەبێکە لەنێو ئەدەبی مرۆڤایەتیدا لەبارودۆخێکی ناسروشتی بێتە بەهەم.) (المقاومة فی الادب السوفیتي، بدون سنة الطبع : ص19)، دەبێ ئەوە بزانرێت لەهێندی ململانێ وشەڕی بەرگریکاریدا پێشهات نامێنێ، بەڵکو سەرجەم ناسنامەی(کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ـ پلەی زانستی و

ئایینی... هتد) دەفەوتێت، تەنیا ململانێ لەپێناوی مانەوەدا دەبێت، بە واتایەی چۆنیەتی هەڵویستی مرۆڤەکانە لەکاتی پێویست چۆن ڕووبەڕووی بەرانبەر دەبنەوە، (بەرگری هاوڵاتیانی شاری پترۆسبۆرگ ـ جەنگی دووەمی جیهان)، بەرەنگاری دەگورێت بەپێ ئەو بارودۆخەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەنێوان پلانی درێژخایەن وکورت خایەن، یاخود بارودۆخی لەناکاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وشیارانە مامەڵەبکەن هەروەك د.السید نجم دەڵێت: (ئەو ئەدەبە گوزارشتکراوەیە لەخودێکی وشیار، خاوەن ناسنامە، ئارەزوومەندێکی ئازاد، کە لە بەرانبەر ستەمکار و داگیرکەر هەڵدەقوڵێت و دێتەکایەوە.) (د. السید نجم : www.aljazerre.net) چونکە هیچ بیرێك، دڵێك، میللەتێك هەڵناگەڕێتەوە، تەنیا لەپێناو خراپەکارییەك یا بەربەرەکانییەك، بەڵکو هاتنەکایەی بەرهەڵستکاری لەچوارچێوەی ئازار، دژواریی، داپڕان، دڵەڕاوکێ ونیگەرانی بووە، بەو واتایەی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێ بنەماو لێهاتوویی بنچینەیی بێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئامانجانەی مەبەستیەتی بیهێنیتەکایەوە.

بەشێکی تریش دەڵێن: (هەر ئەدەبێك یا تێڕوانینێك، سەرەقەڵەمێك لەئەفسانەی ژیانەوە وەربگیرێت دەچێتە ڕیزی ئەدەبی بەرەنگارییەوە، چونکە ئەدەب وەکو ئەدەب لەخودی خۆیدا چالاکییەکی مرۆڤ دۆستانەیە، وێنای بەرەنگاری، بەرهەڵستکاری وهۆکاری لاوازی و مەینەتیەکان دەکات، تەنگ بەدەروونی مرۆڤایەتی هەڵدەچنن لەکاتی شکستدا.) (د.حسنی محمود حسین، 1968 : 25) کەواتە دەکرێ بڵێین بابەتی بەرەنگاری گوزارشت لەبوارو دیاردە و کایەی جیاجیادەکات لەوانە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر تاك، قارەمانیەتی لەبەرانبەر دوژمن یاداگیرکەر، جەنگ، توندوتیژی کۆمەڵایەتی، بێدەنگی (مانگرتن)، بەرگری لەئاسودەیی، ئاشتی... هتد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆریك لە ڕایەكان لەگەڵ ئەوەدان، ئەم ئەدەبە ئەدەبی جەنگ و شەڕەو (پێویستیەكانیئەدەبی بەرگری جەنگاوەر ـ پەیڤ ـ جەنگە و بێ ئەوانە ئەدەبی بەرگری بوونی نییە) (المقاومە فی الادب السوفیتی، بدون سنة الطبع : 19). كەواتە سنوری بەرفراوانە و سەرجەم لایەنەكانی ژیان دەگرێتەوە، چونكە تاك لەكاتی جەنگ یا شەڕدا ڕووبەڕووی دوژمن یا داگیركەر دەبێتەوە، بەڵام لەكاتی ئاساییدا، لە نێو خودی كۆمەڵگای خۆیدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتە خۆجێیەكان ببێتەوە، بواری كۆمەڵایەتی (مافی منداڵ ـ كەم ئەندام ـ ئافرەت)، ئابوری (گەنەڵی)، ئایینی... هتد. ئەمەش هێمای زیندوویی و تێگەیشتوویی و پێشكەوتنی كۆمەڵە.

بۆیە لەبابەتە دەوڵەمەندەكان هەژماردەكرێت، هەرنووسەرە هەوڵدەدات بەشێوازی تایبەتی خۆی وێنای ململانێ بەردەوامەكانی ژیان بخاتەڕوو، لەبەرئەوەی نووسەران و لێكۆڵەران گەیشتوونەتە ئەو ڕازەی كەوا ئەدەبی بەرەنگاری (خاوەن بەهایەكی مرۆڤایەتیەو دەبێت بنوسرێتەوە وەكو ئەوەی هەیە، نا وەكو ئەوەی ئێمە ئارەزوومانە وێنە میسالیەكانی پێ تۆماربكەین، تاكو كوموووكوڕیی ونائومێدی و تێكشكانە یەك بەدوا یەكەكانی پێ پڕ بكرێتەوە.) (یوسف الضمرة : www.aljazeere.net). بەو واتایەی كاری نووسەر تێڕوانین و ئاماژە بۆكردنە نەك داسەپاندنی بۆچوون و بیروڕا تایبەتەكانی خۆی، بۆ نموونە لە وێناكردنی كاراكتەردا : كاراكتەری سەرەكی یا كاراكتەری لاوەكی بێت، نابێت تەنیا بیر لەوە بكاتەوە كاراكتەر هاوشێوەی پاڵەوانی حیكایەتە فۆلكلۆریاكانە، بەڵكو ئەویش وەكو هەر كەسێكی ئاسایی لێواولێوە لەكۆمەڵێ سیفەتی ئازایی ـ ترس ـ ئارەزوو ـ جەربەزەیی ـ گەوجی... هتد، جگە لەوەی ئارەزووی مانەوەو جێگیری دەكات وەك هەر بوونێكی تر.

هەروەها دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت نووسەر لەساناترین تێڕامانەکانیدا قورسترین ئەرکەکانی لەڕێی لێکدان و جێگۆرکێ پیت و بابەتەکان جێبەجێدەکات، جگە لە وەی تاچەند تواناو لێهاتوویی هەیە لەتواندنەوەو ئاوێتەکردنی پەیوەندییە تیوری و پراکتیکەکاندا، بۆیە کاری نووسەر سانانییە لەهێنانەکایەی هاوشێوەی واقعێك بۆ بەدواداچوون وسوود وەرگرتن و وروژاندنی تاك، کەوا بەڕوایەکی جێگرو پتەو کار بۆ هێنانەکایەی نوێیەك بکات جا لەهەر بوارێك بێت، لەو بارەیەوە ئەلیۆت دەڵێت: (تاکە ڕێگەی هونەر بۆ گوزارشتکردن لە ویژدان، دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی بابەتیە، بە شێوازێکی ترو دۆزینەوەی کۆمەڵێك شت، هەڵویست، زەنجیرەیەك ڕووداو بۆ ئەوەی ببێتە بنەماو بنەچەی ئەو ویژدانە بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەگەر هاتوو ڕاستیە دەرەکییەکان جێبەجێ نەبوون، ئەوا دەبێت لەکۆتاییدا ببن بەشارەزایی و لێهاتوویی هەستی، بەم شێوەیە ویژدانی خرۆشاو دێتەکایەوە.) (متی، 1966 : 29). بەو واتایەی هەر تاکێك بەپێ بواری پسپۆری خۆی ئەم هاوکێشە دینێتەکایەوە، بۆ خستنەڕووی بۆچوونەکانی و پێکانی مەبەستەکانی.

سەبارەت بە نووسەریش، هێنانەکایەی ئەو هاوکێشەیە لەڕێی وشەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە وشە یان(زمانی میللەت هێمای شارستانیەت و یەکگرتوویەتی ویەکڕیزی و سەرفرازیەتی.) (حسین، 1968: 43) نووسەریش لەڕێی زمانێکی سادەوە دەتوانێت پەیوەندییەکی هاوبەش لەنێوان خۆی و هاودارانی یا خوێنەرانی ڕایەڵەبکات، کاریگەری نەستی ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ویژدانیان وببێتە بەشێك لەهیواو باوەڕیان، بۆیە زۆرێك لە نووسەران توانیویانە لەدژوارترین ساتەوەختەکاندا پەیامی خۆیان بگەیەنن، ئەراگۆن لەنامەیەکیدا دەڵێت : (کاتێك وڵاتەکەم بەخت یاوەری نەبێت، یاخود قەڵاچۆ بکرێت، تەنیا باوەڕم

بەکارکردن هەیە وەکو هۆکارێك بۆ گوزارشتکردن.) (حسین، 1968 : 31) کەواتە کارکردن بەلای ئەوەوە جۆرێکە لەبەرەنگاری ئەمە(جگە لەوەی یەکێك بووە لەو نووسەرانەی پەنای بردۆتە بەر مێژووی کۆنی نەتەوەکەی تاکو سەروەریەکانی میللەتەکەی بەخەڵکی ئاشنابکاتەوە لەوێوە نیشانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی بداتەوە چەندە خاوەنی بەهای سەرفرازین.) (حسین، 1968 : 37)، چونکە هەموو ئێستایەك کاریگەری و دژواری کۆن دەیهێنێتەکایەوە، مرۆڤ بەبێ مێژوو کۆنینەی خۆی، وەکو کەسێك وایە لەنێو دارستانێکی بێبەرو تووشبوو بەئافات بوویێت، بۆیە بەبیر هێنانەوەی کۆن ڕێگا خۆشدەکات بۆ دانانی پلانی نوێ، بەو واتایەی تاك لەڕووی وشیارییەوە بەئاگابهێنێتەوە تاڕادەی ویژدان هەژاندن لەبەرانبەر ئەو واقعیە ڕووخاوەی تیایدان و دەبێت بگۆڕدرێت، وە هەر کاتێك ئەو هەستە لەناخی تاکە خرۆشاوەکاندا وەرچەرخا وگۆڕا بۆ پڕوایەکی جێگیر لەدەروون و بیرەکاندا ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێت چۆکیان پێدابدات لەڕووی تێکشکاندن و یەکڕیزیان.

ئەوەی جێگەی باس و ڕامانە، کاریگەرترین و ترسناکترین چەکی دوژمن لەڕووی بەرگریکاراند، (تیرۆر ـ جاسوسی خۆجێی ـ سوکایەتی پێکردن...هتد) جەنگی دەروونییە، تاکو تەنگیان پێهەڵچنێت، بۆ شڵەژان و لەقکردنی بیروباوەڕ بەخۆنەمان و داڕووخانی ئامانجی تاك و شکست پێ هێنانیان لەڕووی یەکڕیزی و ئیرادە، جگە لەشپرزەکردنی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە ئەوەی مەترسیدارە لەجەنگی دەروونیدا نسێی دیاردە و کاریگەریەکانی(دڵەڕاوکێ ـ تۆقین ـ ترسنۆکی ـ خەفەکردن ـ وڕێنەکردن...هتد) بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە تاڕادەی بۆ ماوەیی(وڵاتی جەزائیر، تاکو ئێستاش لەژێر کاریگەری فەرەنسا دایە)، بۆیە پێویستە جەخت لەسەر

ئیرادەو وشیاری تاك و جەماوەر بکرێتەوە لەکاتی هەر دیاردەیەکی بەرەنگارییدا.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەرکی ئەدەبی بەرەنگاری: (گوزارشتکردنە لەخودێکی کەڵەکەبوو، جگە لەوەی وێژەیەکی وشیارییە کاری هاندان و وروژاندنە بۆ تێپەڕاندن و بەسەرچوونی تەنگوچەڵەمەو چەوساندنەوەو غەموپەژارەی جەماوەر، وشیارکردنەوەیانە لەبەرانبەر دوژمن بۆ ئاشکراکردنی هەڵەو مەترسییەکانی ئەو دەستدرێژیکردنە، لەپێناو شارەزایی زیاتر سەبارەت بەخود و ناسنامەکەی، هەروەها بانگەوازیشە بۆ بەهێزکردنی خودی تاك لەڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر، نەك بانگەشە بێت بۆ دوژمنکاری.) (د. السید نجم : www.airss.com). کەواتە دەکرێ بڵێین بەرەنگاری لەڕووی بوون و ئەرك وجموجۆڵ وچالاکییەوە شێوەی گەردیلەی ئەتۆمی لەڕووی لەتبوون و تەنینەوەو وزەیدا سات بەسات لەجووڵەیەکی بێ سنورە لەدڵ و بیرە وشیارو خاوەن ئیرادەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە وململانێ بەرانبەر بۆ هێنانەکایەی ئاسۆیەکی کراوە.

## چەمکی بەرەنگاری لەدیدی کاکەمەم بۆتانییەوە.

ئەدەبی بەرەنگاری کوردی هاوشێوەی بەرەنگاری چەکداری، زەنجیرەیەکی نوێ پێکدەهێنێت لەزەنجیرەکانی مێژووی بەرەنگاری، بەتایبەتیش سەدەی ڕابردوو. ئەگەر چاوێك بەبارودۆخی کوردستان بخەشێنین، دەبینین دەوڵەتە سەرمایەدارەکان (بەریتانیا) چاویان بڕیبووە کوردستان، دەیانویست بەپێی نەخشەیەکی دارێژراو سوود لەو شوێنە جوگرافییە گرنگە وەربگرن، بیکەنە بنکەی پەلهاویشتنیان بۆ ناوچەکانی دی، دەستبگرن بەسەر سامانی سروشتی و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن... چونکە دوای داگیرکردنی

کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە، هەستی نەتەوایەتی زیاتر پەرەی سەند بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی چالاکانە هاتبووە کۆری خەباتی سیاسی و چەکداری... زەبرو زەنگی داگیرکەرو سیاسەتی کوتەك و ئاسن، نەیان توانی خەباتی سیاسی گەلی کورد بوەستێنن، بەڵکو نارەزایی خەڵك لەلایەکەوە بەرانبەر بەزۆڵم و زۆرداری داگیرکەر، لەلایەکی دیکەشەوە بەرانبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەلایەن ڕژێمی پادشایەتی کۆنەپەرستی عەرەبی و پەرەدەسەند. ئەمانە هەموویان بوونە هەوێنی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی شێخ مەحموودی حەفید.

هەروەها نالەباری ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی دەردە کۆمەڵایەتیەکان تادەهات پەرەی دەسەند، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو تاقم و دارو دەستە خراپەی دەوری حوکمەتە ساواکەی شێخیان دابوو، لەلایەکە دیکەشەوە بەهۆی کەم ئەزموونی سیاسی شێخەوە، ئەو بنەڕەتە تیرەگەری و ئایینیەی حوکمەتەکەی لەسەر دامەزرابوو، سەرەنجام کاری خراپی کردە سەر کۆمەڵانی خەڵك و ناڕەزایی لا دروست کردبوون. (محمد، 1992 : 17، 18). کەواتە بەهۆی ئەو بار و زروفە توندوتیژ و دڕەندەیەی ڕووبەڕووی گەلی کورد بۆتەوەو بوونەتە هەوێنی ئەو بەرهەمانەی هێنراوەتە کایەوەو ڕۆژ لەدوایی ڕۆژیش بەردەوامە.

سەبارەت بەکاکەمەم بۆتانی نووسەریش چەمکی بەرەنگاری، جگە لەبواری نووسیندا، لە ژیانیشی بەکۆمەڵێ هەڵویست و شێوە ڕەنگیداوهتەوە، چونکە ئەوان لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبوونە، زۆرینەی کەسە نزیکەکانی دامەزرێنەری ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بوونە. هەر وەکو خۆی دەڵێت : (من لەڕەحمی خێزانێکی سیاسی لەدایك بووم و لەباوەشی

دەربەدەری و ئاوارەیی پێمگرت وزمانم پژا..پاش مردنی باوکیشم، کەوتمە ئامێزی خێزانێکی تری سیاسیی بۆیە هەندێ شت هەستی منداڵیمی دەبزواند.) (بۆتانی، 2005 : 33) کەواتە نووسەر بەردەوام لەبەرانبەر هەندێ ڕووداو دەکەوێتە گێژاوی ململانێ لەنێوان پرسیارو گومانەوە(لەمنداڵیدا یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کورد، بۆیە کە گەورە دەبێت زۆر بەسانایی خۆی پێ یەکلادەکرێتەوەو بڕیاری خوێدەدات لەئاست بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی)، چونکە هەر لەمنداڵیەوە ئاگاداری زۆر ڕووداو و پێشهات بووە، بەڵکو کاری سیاسیشی ئەنجامداوە، بێ ئەوەی بزانێت چی پێ دەهێنن و دەبەن.

لەڕاپەڕینی سەرتاسەری کانونی ساڵی (1948)دا لەگەڵ ئەوەی مێرمنداڵەو کەچی بەشداری خۆپیشاندانەکەی سلێمانی دەکات ولەوە بارەیەوە دەڵێت : (بەڕێکەوت، پاش نیوەڕۆیی کەوتمە ناو جەماوەر. جۆرە سام و ترسێ لەشی دەهەژاندم و سڵی پێدەکردمەوە!.. دڵسوزیش بۆ مەسەلەکە وەدەری نەدەنام ولەگەڵیاندا هەنگاوم دەنا... وەك دەروێشی حاڵ لێهاتوو هوتافەکانم دەوتەوە.. پڕبەدەم هاورم دەکرد"ئازادی بۆ برا بارزانیەکان" ئەوەندە بەکوڵبووم، سەرنجی پیاوەکانی دەورم ڕاکێشا...یەکێکیکان (وادیار بووناسیمی دەنگی دام : ئەو زیقە زیقەت لەچییە؟!..بگەڕێوە ماڵ!...لە قسەکەی تەریق بوومەوە. لەناخیشەوە ناڕازی بووم.لەخۆم گەورەتر نەبوایا بەڕوویدا دەتەقیمەوە..) (بۆتانی، 2005 : 45) هەست بەلێپرسینەوەو ڕێزگرتن دەکات لەئاست کەسانی گەورەتر لەخۆی، ئەگەر لەبنەماڵەکەی خۆشی نەبێت، بۆیە بەبێدەنگی دەگەڕێتەوە.

کەچی کاتی دەرچوونی بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ هۆڵەکانی زانکۆ، بەهۆی پێشمەرگایەتییەوەو داپرانی لە خوێندن لەساڵی 1964، هاوکات کەرتبوونی بزوتنەوەی

ڕزگاریخوازی کوردی وگەڕانەوەیان بۆ شاری بەغدا، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراو دەبێتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت : (وەکو قوتابییەك... پارەم هاتەکزی، چاوم بەکاك برایم میرانی کەوت(بەرەی م.س) مەبەسەکەم تێگەیاند. بەگەرمی پێشوازی لێکردم بەڵینی دامێ، پاش چەند ڕۆژێ وەڵامم بداتەوە..کەهاتەوە لام ئاگاداریکردم کە حیزب ئامادەیە، وەك کادیرێك مانگانەم بۆ ببڕێتەوە بەمەرجێ کاریان لەگەڵابکەمذ...خۆم تێکنەدا وەڵامم بۆ چەند ڕۆژێ دواخست.. لە دوکانی کاك محمد علی کاك علی سنجاریم دی(کەوتبووە بەرەی سەرۆك) ئەویش هەمان وەڵامی دامەوە.دەستم لەبنی هەمانە هاتەدەرەوە...وەك جەماوەری ستەمدیدەی کورد، نەك تەقینەوەی دوو بەرەکیەکەم پێناخۆشبوو، نەمدەوێرا بیریشی لێبکەمەوە!.. هەستم بەو لافاوە خوێنەدەکرد کە بەدوایدادێ!..) (بۆتانی، 2005 : 296-297). بەو واتایەی یاساکان بەنیسبەت ئەوان نا هەر لەکارکەتبوون، بەڵکو بەرەو تەفروتوونابوون چووبوون، هەرچەندە (یاسا شتێکە دەسەڵاتدارەکان دینووسنەوە. بەڵام یاسا ناتوانێت بۆ هەتا هەتایی کۆتایی بەکاری توندوتیژی وپێکدادانی خوێناوی بهێنێت.کاتێك مەسلەحەتەکان لەیەکدی جیادەبنەوە تەنانەت لەناو یەك گروپدا ئەگەری بەکارهێنانی توندوتیژی ئامادەیە.) (ئانشتاین و فرۆید، 2007 : 18) بۆیە کاکەمەم ئامادەنایێت بچێتە هیچ کام لەبەرەیەکیان لەدژی بەرەکەی تر، کە دەڵێت : (نەك هەر ئامادە نەبووم لەگەڵ بەرەی سەرۆك کاربکەم.بەمەرجی بەرەی مەکتەبی سیاسیش رازینەبووم، کە جگەلەوەی کەسەکارو تاکە برامی تێدابوو، لە بۆچوونیش لێیانەوەنزیکبووم.) (بۆتانی، 2005 : 296-297)، چونکە دەڵێت : (لەمێرد منداڵیمەوە، بەیەکێتی کوردایەتی پەروەردە کرابووم.بۆیە کوردایەتیم بەیەکگرتوویی مەبەس بوو.چونکە لە سەرانسەری کوردستاندا، بزوتنەوەیەکی تر نەبوو، خەباتی چەکداری بەڕێوەبەرێ و

دەوڵەت ناچار بکا، بۆ جاری دووەم دانووسان بکا. گوێ لەداواکانی کوردبگرێ.) (بۆتانی، 2005 : 296-297). کەواتە دەکرێ بڵێین ڕووکارەکانی بەرەنگاری جیاوازن، خودی بەرەنگاری پەیوەست نییە بەسەردەمێك یا قۆناغێك، بەڵکو لەهەموو سەردەمەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەو شێوازی تێکۆشانی جیاوازە، بۆیە دەبێت بەرگری و ململانێ ئەم شێوازانە بکرێت، بەشێوەیەك لەوان بەهێزتربن، بۆیە بڕیاری بێلایەنی دەدات نەك تێوەگلانی لە خوێن ڕشتنی براکوژیدا.

ئەو هۆکارە وادەکات لەبەر بێ پارەیی پەنا بەرێتە بەر مامۆستا عەلائەددین سجادی، دوایی ئەوەی ناتوانێ لەلای هاوڕییەکانی بمێنێتەوە، چونکە خاوەن خانوو داوای کرێ دەکات، ئەویش دەڵێت : (لەنووکەوە مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە. داواملێکرد کە ئەو10-12 ڕۆژەی ماومە.شەوان لەمزگەوت بنووم...هەستی بەمەلوولی کرد.بەدەم هەناسەی ساردەوە سەری بادا. بێ ئەوەی ئۆباری دوو بەرەکیەکە بخاتە ئەستۆی هیچیان..رازی بوو، کەبێ جانتاو کەلوپەل پاش نوێژی خەوتنان بچم و بەیانیانبش لەگەڵ کردنەوەی مزگەوت بڕۆم.) (بۆتانی، 2005 : 299). کەواتە دەکرێ بڵێین(پێداچوونەوە بەڕابردوو، و ملکەچ پێکردنی بۆ ڕەخنە زامنی ئاسانکاری بەرپرسیاریەتی ئێستایی دەهێنێتەکایەوە.) (حسن، 1998 : 220). بەو واتایەی، کەبەراوردی یەکگرتوویی ڕابردوو، و بەدیهێنانی ئامانجەکانی(شۆرشی 1958)لەلایەك وخوێن ڕشتنی براکوژی لەلایەکی تر تەنگی پێهەڵدەچنێت، تائەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیەی خۆی بدات.

دەکرێ بڵێین سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی نەیتوانی ئاستەنگەکە بپەڕێنێت و زامنی ئاشتەوایی نەتەوەیی لەبەرچاوبگرێت، لەپێناو تەفرەتوونا نەبوونی دیموگرافیای نەتەوەیی، بۆیە دەکرا وەکو ئەنشتاین دەڵێت : (ئایا دەکرێت بەشێوەیەکی وا کار

لەگەشەکردنی دەروونی ئینسان بکرێت کەبتوانێت دژ بەو مەیل و ئارەزووە نەخۆشانەی کاربکات کەدەبێتە هۆکاری وێرانکردن وتێکشکان... مەبەستی لەئینسانیش خەڵکە سادەو نەخوێندەوارەکە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوانەیە کە بەخوێندەوارو ڕۆشنبیرو لێزان ناودەبرێن، چونکە ئەوانن دەکەونە ژێرکاریگەریی ئایدیۆلۆژیا گەورەکانەوەو ئەوانن کەژیان لەکتێبەکانەوە فێردەبن نەك لەئەزموونکردینەوە لەواقیعدا.) (ئانشتاین و فرۆید، 2007 : 11-12)، بەو واتایەی ئەوان لەئاستی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی خەمسارد و بێباکبوونە لەژیانی میللەتێك.

سەبارەت بەبواری کۆمەڵایەتیش بێدەنگی سەختترین ومەزنترین ڕواڵەتی بەرەنگاریەکانی نووسەر بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ خاتوزینی ئامۆزای، کە باوکی ومامی لەکاتی هاتنە دنیایان ئەو ناوانەیان لێنان، تاکو خەوی لەبارچووی مەم و زین بەدیبهێنن، کەچی بۆ بەختی ئەوان زیاتر لەمەڕگەوەرێك هاتەکایەوە بۆ لەباربردنەوەی ئەو خەوە، لەوکاتەی، کە سلێمانی برای لەگەڵی دەچێتە ماڵی مامی و باس وخوازی خەوی باوك ومامی باسدەکاتەوە بۆ بەیەکگەیشتنی ئەو دوو دڵە، لەلایەن مامی وئامۆزاکانی زۆر بەخۆشحاڵی وگەرموگوڕیەوە پێشوازی ئەو هەنگاوەیان لێدەکرێت، کەچی هەڵویستی ماموژنی پێچەوانەیە، لەو بارەیەوە کاکەمەم دەڵێت : (کە ماموژنم بەگریان وشڵەژانەوە هات.نەك هەر رازی نەبوو، هێرشێکی سەختی کردە سەر هەموو کەسوکارمان!..نەك من و خاتووزین، ئەوانیتریش نقەیان لەخۆیان بڕی!..کەسەیری رووی پەژارەی کچی کرد.تۆزی هێوربۆوە ووتی : ئەگەر واز لەدایکی بێنێ..دیدەمێ!،، چاوەڕێی وەڵامێ بووم کە بەپێستی داواکەی بێ مامم بەزەردەخەنەیەکی گرژاوی توڕەوە سەیری من وبرامی کرد و، ووتی : من کاکەمەمێکی بێ وەفام بۆ چییە؟! چۆن

لەگەڵ کچم بەوەفادەبێ؟!.. پاداشتی ئەو هەموو ساڵەی بەبێوەژنی پەروەردەیکردوون، پشتی تێبکا؟ مامۆژنم هەڵچوو، بەدەم یەخەدادڕینەوە لەهۆشچوو...باسەکە کۆتایی پێهات.) (بۆتانی، 2005 : 169). بۆیە بێدەنگی لەئاست ئەوە مەسەلەیە هەڵدەبژێرێت

دوایی ئەوە مامی یەکلایدەکاتەوە، کە ئەو گەنجێکی ژیرەو تێدەگات، بەتایبەتیش کە خاتوزین مارەیی دەبڕدرێت لەکوڕی پوری، چونکە وەکو خۆی دەڵێت : (ئەوەی راستی بێت خاتووزین پیرۆز بوو، خوشەویستی خۆمم لەدەور دەگیرا.پێم بەدڵی خۆم دەنا نەك بەجۆرێ ناوی ببرێ دڵی مێردی کرمێ بێ..بەڵام ژیانی مرۆڤ، مرۆڤی خوێندەوار هەروا ناڕوا..نەك هەر دڵیخۆم دەدایەوە، زامەکانیش قەتماخەیان دەبەست...کات دەڕۆیشت و چاو بازی و وردە ژوان و دڵداریەکان..دەتوانەوەو بەرگەی ئازارمیان نەدەگرت!..خۆشەویستی هەست و بیرهەژان و وروژان..لەچەقی ئاسمانی بیابانی ئاوەرایی مانیگرتبوو، مەیش کاتی شادی پێنەدە- بەخشیم.) (بۆتانی، 2007 : 25)، کەواتە بێدەنگیەکەی هەروەك ئەنشتاین دەڵێت : (هێزێك لەکاتی ئاساییدا لە ئینساندا نووستووە، بەڵام لەکاتە نائاساییەکاندا دەکرێت بەخەبەر بهێنرێتەوە ئینسان بەرەو وێرانکاری ببات.) (ئانشتاین و فرۆید، 2007 : 11)، کەواتە کاتێکی زۆری ویستووە تاکو لەو وێرانەیە کەمێك سوێی بکەوێت، بۆیە پەنای بۆ چەندین هۆکاربردووە تاوەکو بتوانێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت.

سەبارەت بەبواری ڕۆشنبیریش ئەو بێدەنگییە بەردەوامی دەبێت وەکو هەڵویستێکی بەرەنگاری نەتەوەیی، دوا بەدوای نسکۆی ساڵی 1974 لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك لە نووسەرە گەنجەکان وادەزانن مردووە، لەو بارەیەوە دەڵێت : (رۆژێ سەرم لەکاك تەها بابان دا،

لەو کاتە خاتوونێکی ئەدیب هاتە ژوورەوە، پێش ئەوەی کاك تەها بەیەکمان بناسێنێ لێپرسی :

- کاکەمەم بۆتانی دەناسی ؟

- لەچیرۆکنووسەکانی ڕوانگەیە، بەڵام چالاکی نییە، وادیارە لەدەرەوەی وڵاتە یان مردووە. بەپێکەنینەوە پێکی ناساندین، کچەکە زۆر تەریق بۆوەو داوای لێبوردنی کرد.. کاك تەها ووتی: باشە ئەوە بۆچوونی نەوەی نوێی ئەدەبی کوردییە بۆ تۆ !) (بۆتانی، 2005 : 129). ئەم بەرپرسیاریەتەی نووسەر لەپەیوەست بوونەوە دێت، تاچەند پەیوەستە بەو بیرو باوەڕەی، کە باوەڕی پێ هەیە، چونکە (پەیوەست بوون بەپلەی یەکە بەندە بەو هەڵوێستەی، کە ڕووناکبیرـ نووسەر یاهونەرمەند وەریدەگرێت. ئەم هەڵوێستە دەبێت ئاشکرایی و ڕوونی و پاکیزەیی و ڕاستگۆیی تێدابێت. هەروەها دەبێت ڕووناکبیری پەیوەستدار، بەردەوام پارێزگاری لەپەیوەست بوونی بکات، دەبێت بەرگەی هەموو ئاکام و بەرپرسیاریەتێك بگرێت، لەچوارچێوەی ئەم پەیوەست بوونەی، ڕووبەڕووی دەبێتەوە.) (حاقة، 1979 : 14) بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو هەڵویستەی، تاکو تیرۆژی ڕاپەڕینی ساڵی1991. تەنیا ئەوەندە نەبێت لەماوەی پانزە ساڵدا لەبەر داوای هاورێیان پێداچوونەوەی بۆ دوو بەرهەمی چیرۆك کردووە.. لەگەڵ ڕاپەڕین دەکەوێتەوە جموجۆڵێ ئەدەبی و بڵاوکردنەوە.

## بەشی دووەم : هونەری بەرەنگاری لەدەقە گێڕدراوەکاندا.

### بابەتی ململانێ لە کۆمەڵە چیرۆکی بوومەلەرزەدا.

بابەتی بەرەنگاری وەکو ئاماژەمان پێکرد، لەڕووی پانتایی فراوانی سنورەکەیەوە وایکردووە، کەوا لێکۆڵینەوە

لەو بارەیەوە زۆر ڕەهەند وبۆچوون وکەلێن لەخۆی بگرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین ڕۆمان یاچیرۆك پێگەیەك بێت بۆ خستنەڕووی ئەم بابەتە، چونکە نووسەر دەتوانێت زۆر بەلێهاتوویی وبوێری وهێماو جارجاریش ئاشکرا وێنای مەسەلەو بابەتەکان بکات لەنێوان واقیع و خەیاڵدا.

نووسەری کوردیش لەدوێنێ کۆمەڵەکەیەوە وێنەئاسای (بەدەرزی بیر هەڵکۆڵی) لە دیدێکی هونەرییەوە سەربردەکانی گەلەکەی گێڕاوەتەوە، لەو کارەیشدا پێچەوانەی مێژوو نووسە، چونکە (مێژوونووس ڕووداوەکان بەهەموو وردەکاریەکەوە سات بەسات تۆماردەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر بەپلەی یەکەم سەرقاڵە بەفەلسەفەی مێژوو، و جەوهەری هەڵویستی تاك، ئەوەشە وا لەئەدەب دەکات کەوا چوارچێوەی ناوخۆیی ببڕێت وبەرەو جیهانی بوون پەل بهاوێژێت، چونکە وێنای تەنگوچەڵەمەی دژواری مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، ویژدانی تاکەکان لەهەر کونجێکی ئەو بوونە بێت ببزوێنێت.) (وادي، 1996 : 10) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە مەرج نییە نووسەر هەواداری هیچ پارتێکی سیاسی بێت، بەڵام لایەنگری ئایدیۆلۆژیەتێکە"جگە لەوەی لەگەڵ سەرجەم خوێنەرەکانی بگونجێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە تا چ ڕادەیەك وێنای تێڕامان لەلای بەرانبەرەکەی دەهێنێتەکایەوە.

لێرەوە ئەرکی نووسەر لەڕووی هونەری و فیکریەوە دەردەکەوێت تاچەند دەتوانێت گۆشەنیگایەکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت، لەخزمەتی وەرگریێت، ئەو پرۆسەی خوڵقاندنەش لەچنینێکی وردی کۆمەڵێ لایەن و بواری هێما ئامێز دەهێنرێتەکایەوەو ئەوەشە نهێنی چنینی هونەری لەلایەك و گەڕان وچێژو بەدواداچوون لە لایەکی تر.

سەبارەت بەم دەقی چیرۆکانە نووسەر لەڕێی چەندین بوارەوە کۆمەڵێ بابەتی جۆراو جۆری وروژێنەری گێڕاوەتەوە، لەوانە :

## یەکەم : لایەنی سیاسیی (نیشتمانی).

دوایی دابەشکردنەوەی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە لەچارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم، باشوری کوردستان خرایە سەر عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بوو، هەرچەندە گەلی کورد شانبەشانی عەرەبەکان دەجەنگان، بەڵام کۆتایهێنان بەحوکمی ئینگلیزەکان میللەتی کوردی ڕووبەڕووی قۆناغێکی تر، لەدژی ڕژێمە یەك بەدوایەکە کۆنە پەرستەکانی عێراق لەپێناو چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەك وئازادکردنی خاکەکەی لەلایەکی تر ململانێکردەوە، چونکە ئەو بارو پەشێویەی ڕژێم هێنابوویەکایەوە لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری...هتد بەهیچ تاکێك قەبووڵنەدەکرا، لەم بارەیەوە حیکایەتخوان لە چیرۆکی(خۆر وەدەست دێنین) باس لەچۆنیەتی خۆڕاگری خەڵکی سڤیلی گوندێك لەبەرانبەر ڕژێمی داگیرکەردەکات، پێشەواو ڕابەری بەرەنگاریەکەشیان مامۆستایەکی شارییە، کە لەکۆتاییدا بۆیان ئاشکرا دەبێت کەوا لەلایەن ڕژێمەوە داواکراوە بۆیە خۆی دەگەیەنێتە هاوخەباتەکانی بزوتنەوەی ئازادیخواز.

هاوتەریبی ئەو ڕووداوە سیاسیە، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی تێکەهەڵکێشی گێڕانەوەکە کردووە، ئەویش مامۆستای شاری برازای لالە حەمەدی گوندنشینە و دوو کارەکتەری سەرەکی دەقەکەن وساڵانێکی دوورودرێژە لەگەڵ براکەی قسەناکات، لەڕێی برازاکەی بەیەکتر شاددەبنەوە، لەگەڵی ئاشتدەبێتەوە، حیکایەتخوان دەڵێت: (پایزی وڵات، لە پایزی لاوانی دێ ئەچوو..هەر دوو مانگ

نەبوو، هێرشێکی ناڕەوایان کرابوە سەرو چوار لاوی خوێن گەرمیان لێ شەهیدکرابوو.لەبەر ئەوە، هەمیشە خەڵکی دێ مات ومەلول بوون.) (بوومەلەرزە: 7). ئەوە وایکردووە ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ بێتەکایەوە لەپێناو مانەوەدا، چونکە هەندێ جار لە قۆناغێك لەقۆناغەکاندا بەرەنگاری تەنیا لەپێناو مانەوەدایە، ئەوەش ئەرکێکی قورسە، چونکە لەو قۆناغەدا، جگە لەجەنگاوەر خەڵکی سڤیل باجی زیاتریش دەدەن لەڕەو و نەخۆشی و برسیەتی و بێ لانەیی...هتد، لەو بارەیەوە مامۆستا دەڵێت : (لەشەڕا مەرج نییە هەموو کەس چەکداربێت، هەر کەسە کارێکی تایبەتی خۆی هەیە، شانازیش بۆ ئەوانەیە لەشاڵاو وخۆگرتنا دەستەو ئەژنۆ دانانیشن.) (بوومەلەرزە: 11). بەڵکو (هەموو کەسێك دژی داگیرکەر دەوەستێت... پاڵەوانی تاکە کەس لەبەرەنگاریدا شوێنی نییە، چونکە لەخودی خوێدا لە هەندێ حاڵەتدا جوڵانەوەیەکی کۆمەڵییەو پاڵەوانیش تیایدا دەبێتە کۆمەڵی.) (شکري، 1970 : 26) بەو واتایەی بەرپرسیاریەتێك لەبەردەم تاکەکان و کۆمەڵدا هەیەو دەبێت جێبەجێبکرێت، حیکایەتخوان دەڵێت : (ئێوارە داهات، مانگ کەوانەی دا..دانیشتوانی دێ ماڵیان لە وەڵاخەکانیان نشەتەکدا..ئەوەی مایەی ژن ومناڵ وبێ چەك لەپشتی خۆیان بەست.چەکدارانیش دڵی ماڵ و مناڵیان ئەدایەوەو لەپەناشەوە وەسیەتیان ئەکرد، چونکەخوا ئەزانێ کێ ئەگەڕێتەوە.) (بوومەلەرزە : 11). هەریەکەیان بەهیوای بەدیدار گەیشتنەوەی یەکترییە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کاتێك چاویان لەچاوەڕێی ئاوەندانکردنەوە بووەوبەهیواوەو ژیاون، شەفە دەڵێت : (دێ، کە سوتا ئەتوانین ئاوەدانی بکەینەوە، بەڵام گیانێك بەهەمووومان ناگەڕێتەوە.) (بوومەلەرزە: 10). لێرەدا لوتکەی بەهای مرۆڤخوازی دەبنێرێت لەوەی بوون و مانەوەی کەسەکانە زامنی داهاتوو، و دەکات. کەواتە

نووسەرسەرکەوتووانە لەنێوان بەرەنگاری وئاوەدانکردنەوەدا، هاوکێشەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی کێشاوە لەپێناو مانەوەدا.

ئەو وێنەیە لە چیرۆکی (کەژاوە) دا دووبارە دەبێتەوە، حیکایەتخوان باس لەحیکایەتی دوو خوشەوستمان بۆ دەگێڕتەوە، کە بەهۆی باری سیاسی لەیەکتری دادەبڕین، کاتێ پیاوانی کوڕی کوێخای گوند بەدرۆ هەواڵی شەهیدبوونی قالەی ئامە بۆر بە فاتەی دەستگیرانی ڕادەگەیەنن و دواتر کوڕی کوێخا خوازبێنی دەکات و باوکی لەبەرانبەر بڕە پارەیەکەك، کچە تاقانەکەی پێشکەشی کوڕی کوێخا دەکات. دوایی ئەوەی ئامە گوێبیستی هەواڵی زیندوویی قالەی خۆشەویستی لەلایەن میوانەکانی باوکییەوە دەبێت، دەزانێت کوڕی کوێخا دەستبەرداری نابێت، بۆیە بڕیاری ڕۆیشتن دەدات، تاکو لەگەڵ قالە بژیەت، کاتێك کوڕی کوێخا بەسەرهەڵگرتنی فاتمەی مارەبڕی دەزانێت بەیاوەری پیاوەکانی دوایی دەکەوێت و کاتێ دەکەوێتە دەستی دەیکوژێت... کەپێشتر کوێخا لەگەڵ حکومەت ڕێکەوتبوو، پشتگیریان بکات لەو بارەیەوە حیکایەتخوان دەڵێت : (خەڵکی دێ، لەسەرەتادا بەم ڕێکەوتنەیان نەزانی..بۆیە چالاکانە بازووی مەردانەیان لێ هەڵکردو سەر لەنوێ دێی سوتاوو تاڵان کراویان ئاوەدانکردەوەو بەزەوی خاکە پیرۆزەکەیان شادبوونەوە، جوتیاری کورد ئامادەیە بۆ تەنها چەند رۆژێك دەورو پشتی خۆی بکاتە بەهەشت، جا.. چ جای..ناوچەکە هی خۆی بێ و ژیانێکی زۆری تێدا ڕابواردبێ.) (بوومەلەرزە : 89).

سەبارەت بەشێوازی خەبات و چۆنیەتی تێکۆشانی سیاسی و چەکداریان حیکایەتخوان لەڕێی ئەو دیالۆگەی نێوان لالە حەمەد و برازاکەی(مامۆستای شاری) کەبریندار دەبێت لەکاتی بەرەنگاری بوونەوەی هێرشی دوژمناندا،

پرسیاری هاوخەباتەکانی لێدەکات ودەڵێت : (- ئەو دڵسۆزانە چ کارەن

- هەموو چەشنە ووشیارێکی تێدایە، خوێندەوار، دوکاندار، موچەخۆر، کرێکار، ژن، لاو، هەتا جوتیاریش !
- جا.. تۆ بۆ هاتی ؟
- منیان نارد. چونکە لەسەرێکەوە باوکم خۆی خەڵکی ئەم ناوچەیەیە، وە لەسەرێکی تریشەوە مووچەخۆرێکی دەرکرابووم ؟
- پاش ئەوەی ئاگادارت کردین، بۆ نەگەڕایتەوە ؟

- چونکە بۆم دەرکەوت، بەداخەوە، ئێمە زۆر کەمتەرخەمیمان کردووە، ئەبوایە رەگی بیروباوەڕمان لەناو ئێوە خۆی دابکوتایە.) (بوومەلەرزە : 21). کەواتە هاوتەریبی خەبات ڕووبەڕووبوونەوە و وشیاری سیاسی گرنگە لەبەرەنگاریدا، بەتایبەتی وەکو بەشێکی وشیاری لە ئاستی کۆمەڵدا، کە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی مەسەلەکاندا.

ئەو وشیارییە، حیکایەتخوان لەچیرۆکی (نەگوڵ، نەهاوڕێ، نەفرمێسك)، کە ڕووداوەکانی باس لەگرتنی باوکی ئامەی گوندنشین دەکات، لەلایەن پۆلیسی گوندەکەوە بەتۆمەتی یارمەتیدانی هەڵگەڕاوەکان، تاکو دەرفەتی دەستدرێژکردنە سەر ئامەی بۆ یەکلابێتەوە. ئامەش بێدەنگ دەبێت لەپێناو نەتەکاندنی شەڕەفی باوکی، کە دەزگاکان بۆ شکاندنی کەسایەتی تاکەکان دەستدرێژیان دەکردە سەر شەرەفی ئافرەتەکانیان... حیکایەتخوان لەسەر زاری ئامەی مام هۆمەری گوندنشین لە مۆنۆلۆگیکدا دەخاتەڕوو، (کاتێ ئامە کەباوکی لەلایەن ئەفسەری پۆلیسەوە دەگیرێت)، لەدڵی خۆیەوە دەڵێت : (ئەمەش پێ ئەڵین ژیان، هەر ئەبێ کورد ژێردەستە بێت؟!.. بۆ ئەبێ جەڵەوی ژیان ومافی بەدەست خەڵکەوە

بێت، هەر کاتێ ویستی بیداتێ و کە لێ زویربوو لێ وەربگرێتەوە!!.ئەو ڕۆژە دێت کە باوکم وخەڵکی لەزیندان نەپەستن لەبەر ئەوەی کوردە.) (بوومەلەرزە : 27-28). وشیاری و هەڵوێستی ئەو خانمە دەخاتەڕوو، تاچەند تامەزرۆی سەربەستی و سەربەخۆییە، چونکە(سروشتی مرۆڤایەتی لەخودی خۆیدا حەزی لەژێر دەستی نییە، نابێ ئەوەش بگوترێ کە تەنیا سروشتی عەبقەری توانای بەگریکردنی دوژمنانی هەیە.) (ئامێدی، 2٠5 : 30)

نووسەر لەچیرۆکی (شاری خامۆش) دا، کە ڕووداوەکانی باس لەگرتنی کۆمەڵێ ئافرەتی سیاسی دەکات. لەلایەن دەسەڵاتەوە دەگیرێن، بۆ دانپیانان بەچالاکیەکانیان دەگاتە ئەو ڕادەیەی دەستدرێژی بکەنە سەر هەندێکیان، چونکە ئامادەنین هاوخەباتەکانیان ئاشکرابکەن، بۆیە کارەکتەرێکی وەکو پەروین، کە کارەکتەری سەرەکی دەقەکەیە بڕیاری خۆکوشتن دەدات بەرلەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەری.

نووسەر زۆر سەرنجڕاکێش و وروژێنەرانە ڕۆڵ و وشیاری بەرەنگاری ئافرەتانی لە خەباتی ئازادیخوازی گەلدا وێناکردووە، چۆن ڕووبەڕووی دوژمن دەبنەوە، لەگەڵ ئەو سوکایەتی و شکاندنەی پێیان دەکرێت، حیکایەتخوان لەسەر زاری پەروین لەڕێی ئەو نامەیەی بۆ دەستگیرانەکەی نووسییەتی دەڵێت : (باوکم تێ گەیاندم کە لەهەمان شەوا هاتبوون تۆش راپێچ کەن و بتبەن، بەڵام تۆ خۆت نەدابووە دەست و وەك زۆربەی زۆری لاوەکان بەرەو دەشت وشاخەکان ڕووتان نابوو.دیاربوو ئەو شەوە، رەش بگیربوو، هەتا لە ئافرەتیش سڵیان نەدەکردەوە بۆیە دەستە..دەستە، و کۆمەڵ..کۆمەڵ لەسەر یەکیان پەستین!..) (بوومەلەرزە: 34). زەبرو زەنگی دوژمن تەنیا کورانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئافرەتیشی گرتۆتەوە، ئەمەش ترس و دڵەڕاوکی دوژمن لە وشیاری

کۆمەڵ دەخاتەڕوو، دەبێ ئەوە بزانرێت(بوونی دژایەتی توندوتیژی و دیاردەکانی دواکەوتوویی هەمەجۆر نایێتە هۆو شۆرش، بەڵکو هەست پێکردن و زانینی ڕاستیەکەی هۆی شۆرشن.) (ئامێدی، 2005 : 32). واتە ڕژێم بەهەموو شێوەیەك هەوڵی بنەبڕ کردنیان دەدات.

نووسەر لێهاتووانە وێنای بەراوردی تۆکمەیی بیرو باوەڕ و هێزە دەروونییە تێکشکاو و بێهێزەکانمان لەڕێی پەروینەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کەباس لەدەستدرێژکردنە سەریان دەکات، چۆن دەستدرێژیان کردۆتە سەر نەسرین، کەچی دان بەهیچ نانێت، لەکاتێکدا هاوخەباتێکیان بەرگەی ئەشکەنجە ناگرێت و دان بە چالاکیەکانیان دەنێت، لەو بارەیەوە پەروین دەڵێت : (دوو سبەی شەو دان بەهەموو شتێکا نەنێێت، وە ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ لێ نەدوێ..هەر کردەوەیەکی خراپ هەیە، لەگەڵتا ئەیکەین..

- خێرتان ئەگا.. شەرەفی..!
- ئەو شتانە بەگوێی ئێمەدا ناچێت!..یان ئەبێ، وەك شیرین راستی بدرکێنی، یان وەك نەسرین، شەمەزاری بۆ خۆت و خێزانە نەفامەکەت بهێڵیەوە..زانیت!!) (بوومەلەرزە : ل46).

کەواتە خەباتکاران لەدەستدرێژیش ناسڵەمێنەوە، بەڵکو ئەو هەڵویستە نامرۆڤایەتیەیان هانی داون زیاتر پێداگیری لەبەرەنگارییان بکەنەوە، تاپلەی شەهید بوون ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر جگە لەو حاڵەتە دەروونی و فیکرییەی لەلایان دێتەکایەوە، پەروین لەم دیالۆگەی لەگەڵ نەسرینی دەکات حیکایەتخوان دەڵێت :

(نەسرین گیان...وەڵام نەبوو، وەك هەر لەگەڵ ئەویشم نەبێ، لەخۆیەوە ئەی ووت.

- ژیان تێکۆشانە.
- نەسرین...کچێ نەسرین !!

نەسرین هیچ پەیوەندیکی بەژیانی ئێمەوە نەمابوو، لەدونیایەکی نوێدا ئەژیا..هەندی جاریش وەك هاواری ئەکرد.

- بیگرن..بیگرن..ئای لەو عەزیایە..
- یان پێ ئەکەنی..هەر لەخۆیەوە دەستی درێژ ئەکرد.
- ئا بگرن..ئەوەش گوڵە نەسرینە !) (بوومەلەرزە : 48).
کەواتە ئەو کەسایەتیانە حاڵەتێکی دەروونی زۆر ناهەموار بەسەردەبەن، لەهەندێ حاڵەتدا ئەگەر تاك وریا نەبێت، تووشی نەخۆشی عەقڵی دەبێت.

لەچیرۆکی (تونێلی دەربەندەکە) نووسەر خەباتی کرێکاران، لەڕێی دروستکردنی تونێلێکەوە دەچنێتەوە. چیا هێمای ئازادی و شارستانیەت و بەرەنگاری و سەرکەوتن ومانەوەیە، لەبارەیەوەلالۆی کاراکتەری سەرەکی دەقەکە، سەبارەت بەپاسەوانی بێ وچانی تونێلەکە دەڵێت : (هەرچەندە هاوڕییەکانم بەجێیان هێشتووم و هەریەکە بۆ پەیداکردنی پارەو نانێك رەنج ئەدات، بەڵام من مەگەر برسیەتی تەنگم پێ هەڵچنێ، دەنا لەو ڕۆژەوە تەواوبووە لە پاسە وانی نەکەوتووم.) (بوومەلەرزە : 53). ئێشکگرتن و پاسەوانی دەستکەوتەکان لێبوردەیی و ئارامگرتنی دەوێت، ئەمەش لەتوانای هەموو تاکێکدا نییە، تەنیا ئەو کەسانەی تایبەتمەندن بەو کارە، یاخود خۆبەخشن. ئەگینا لەدوایی هێنانە دی ئامانج(شۆرش ـ بزوتنەوە) هەر تاکێك دەچێتەوە سەر کاری خۆی، و کاتی کار دەست پێدەکات، بەواتایەی چۆن دەستکەوتەکان پارێزگاری بکرێن؟.

یاخود لەشوێنێکی تردا، کە باسی هاندان وبڵاوکردنەوەی بیرباوەڕیان دەکات و دەڵێت: (دەستت بێنە دیارە لەمن گەیشتی.کەچویتە شار کۆمەڵ.کۆمەڵ خەڵکی لە چواردەوری خۆت کۆکەرەوەو پاڵەوانیەتی ئەوانە باسکە کەهەموو شتێکن.) (بوومەلەرزە: 54). نووسەر بەئاشکرا

بانگەشەی بیرۆکەی شۆرش بەنێو جەماوەردا دەکات، داوا دەکات؛ پاڵەوانیەتیەکانیان لەنێو گەل باسبکرێت. درێژەی پێدەدات ودەڵێت : (کەچویتەوە شار، بانگ راهێڵەو بڵێ..هەر هێزو بڕیارو ڕێکخستنە، ئامانج وەدەست دێنێ..هیچ هێزێك نییە بەرامبەر یەکبوون خۆی بگرێ!.) ل58، چ4. تەئکید لەسەر یەکگرتوویی دەکاتەوە. راز و هێمای سەرکەوتنە لە پرۆسەی بەرەنگاریدا، هەروەها باس لە چۆنیەتی جموجۆڵی ڕێکخستن و وشیارکرنەوە دەکاتەوە، تاچەند کاریگەری هەیە لە بەرچاو ڕوونی و پەرەسەندنی فیکریان و هەستکردن بەبوونی خۆیان، خاوەنی شتێکن خۆیان بڕیاریان بۆ داوەو سڵ ناکەنەوە لەهیچ بەربەستێك.

هەروەها کە باس لە کاریگەریەکانی هاندانی سیروان دەکات تاچەند هانی داون و بەرچاو ڕوونی کردوون، بەردەوام بن لەتێکۆشان، کەدەڵێت: (ڕۆژبەڕۆژ، سیروان قسەی لەگەڵ ئەکردین و باسی شتی وای ئەکرد کەبۆ یەکەمجار بیستبێتم، تا کومەڵێکی باشی پێك هێناو پاش تەواوبوونی ئیش کۆی ئەکردینەوە. سەبر سەبر پەرەمان سەند..وە هەتا ئەهات کونی توونیلەکەمان گەورە ئەکرد، بەهۆی قسەکانی سیروان و ئەو ماندوبوونەی بەم کونەوەمان کێشا، هەتا ئەهات خۆشەوسیتر ئەبوو لەلامان، وەك پیاوێکی بێ مناڵ، لەدوا تەمەنیدا کوڕێکی ببێ!..کونەکە وای لێ هات ئەشکەوتێکی گەورەی لێ دروستبوو.) (بوومەلەرزە : 59). نوسەر وێنای تونێلی بە وەچەنانەوە کردووە، کە وا پێشکەوتنەکەیان بەردەوامیەتی دەبێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە نووسەر زۆر بەوردی وێنای ڕووداوەکانی کردووە لەڕووی بەرەنگاری و خۆڕاگرییەوە تاڕادەی شەهیدلێکەوتنەوە، ڕوون و ئاشکرایە(لەچوارچێوەی نەمانی ئاسایش و نەبوونی

دڵنیایی وجێگیری وتوندوتیژی وبێ بەزەیی ژیان و ئەو بارودۆخەی، وڵات پێ تێپەڕ دەبوو هیچ بەهایەکی بۆ تاك نەهێشتبۆوە، بۆیە لەناچوونی تاك دیاردەیەکی ئاسایی دەبێت و هیچ بایەخ، ڕێز وبەهایەکی نامێنێت.) (مسلم، 2006 : 45) لەم بارەیەوە لالۆ دەڵێت : (هەر نیو سعاتێك ئەبوو دەستمان کردبوو بەئیش، بەردێکی گەورە بەسەر سیروانی کلۆڵا رما، یەکسەر دەمی بەیەك داداو ئەمری خوای کرد.هەر کرێکاربوو ئەو شتەی بەدەستیەوە بوو فڕێی داو خۆیگەیاندە لاشەی ساردەوە بووی سیروانی جوانەمەرگ...کاتێ کابرای بێگانە هات، تەماشای کرد ئێمە هەمووڵەسەر جوانەمەرگ کۆمەڵمان کردووە، بێ ئەوەی هیچ دڵی پێ بسوتێ، سەرێکی بادا، خەریکبوو داوامان لێ بکات بچینەوە سەر ئیش، بەڵام کەتەماشای کرد ئەو ئەو هەموو چاوە ئاگری لێ ئەبارێ، یەکسەر وەك مشك ملی خۆی شۆڕکردو بەجێ هێشتن.) (بوومەلەرزە: 61). واتە یەکێك لەئەرك و ڕۆڵ و تایبەتمەندی بەرەنگاری، پاراستنی ناسنامەی خودی و گەڕاندنەوەو سەلماندنی سەروەری و بەها مرۆڤایەتیەکانی تاکە لەبەرانبەر(دوژمن ـ ململانێکەر).

ئەمانە ڕێگەخۆشکەرو هاندەرێکی بەهێزبوون بۆ خۆڕاگری لەلایەك، کەدەڵێت: (لام وایە هەر ئەوەش بوو هێزی نەبەزینی پێداین.نابێت واز لەکارێك بهێنین کەخوێنمان لەپێناوارشتبێ.) (بوومەلەرزە: 61). وململانێ لەلایەکی تر، تاکو بگەنە ئامانج؛ لالۆ دەڵێت: (بۆمباکانیان تەقاندو تۆزو دووکەڵ ئەو ناوەی قانگدا.ئیتر هەموومان وەك ڕاومان بنێن، هەر شتێکمان کەوتە بەردەست، پاچ، خاکەناز، کوڵنگ، قازمە..هەڵمان گرتوو تەکانمان دایە ناوەوە، کێوەکەمان کوناودەرکرد.میش ئەو ڕۆژە، لەجاران چالاکتر، بەخۆرایی کارمکرد..کەپێش کونوکەمان پاك کردەوە، دەستمانکرد بەگۆرانی وهەڵپەڕکی تادنیا تاریك

داهات.ئێستاش زۆر جار لەخۆمەوە ئەڵێم..ئێمە بتوانین کێوێکی وا کوناودەرکەین، ناتوانین ئەو شیتاڵەی لەبەماندایە دای ماڵین؟.. هەر بەقازمەیەك ناتوانین دیوارێکی قوريي تلیساوە پرمێنین.) (بوومەلەرزە: 66). کەواتە دەکرێ بڵێین نووسەر زۆر لێهاتووانە چنینێکی وردی ڕووداوەکانی کردووە زۆر بوێرانە مەبەستەکانی خۆی پێکاوە لە بەرەنگاری و خۆڕاگری تاك لەڕووبەڕبوونەوەی بەرانبەردا.

## 2- لایەنی نەتەوەیی.

بابەتی نەتەوەو وشیاری نەتەوەیی، یەکێکە لەبابەتە ترسناکەکانی میللەت، لەبەر ئەوەی نەتەوایەتی تەنیاهەڵوێستێکی سیاسی، ئابوری...هتد نییە، بەڵکو هەستێکی گشتگیرە بەرانبەر گەل. کەواتە ئەگەر کاری نووسەر مامەڵەکردن بێت لەگەڵ بابەتە گشتیەکان و کۆمەڵدا، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە مرۆڤایەتیەو بەرپرسیاریەتیە دەکات، چونکە ئەم مەسەلەیە پەیوەست نییە بەکات یاخود ڕووداوی ڕۆژانە، بەڵکو بابەتێکی جەوهەرییە لەپێکهاتەی میللەتدا.

نووسەر ئەم بابەتەی بەوردەکاریەکی وردو و لەڕێی کۆمەڵێ وێنەوە، وێنایەکی سەرەنج ڕاکێشی ململانێ کاراکتەرەکانی وروژاندوەو خستویەتیەڕوو، جگە لەپەنابردنی بۆ کۆد و لادانی زمانی بۆ دەرپڕینی مەبەستەکانی، هەر وەکو خۆی دەڵێت : (چیرۆکیکی تازەم بەناوی- تونێلی دەرەبەندەکە- لەڕۆژنامەی ژین دا بڵاوکردەوە. هەوڵم دابوو، ناوەڕۆکێکی چینایەتی نەتەوایەتی بدەمێ. لەدارشتنیشدا، خۆم لەشێوە باوەکان دوورخستبۆوە.) (بۆتانی، 2005 : 174). تیایدا مەبەستی خۆی دەپێکێت لەچۆنیەتی وێنەی یەکگرتن و بەرەنگاری تاکی کورد، لالۆ دەڵێت : (خوا بەعەقڵی خۆم ودڵسۆزی سیروان بکات، ئەگینا چ سوودێکم بۆ ئەم نەتەوە کلۆڵە

ژێردەستەیە ئەبوو، ئۆخەی کەکارەکەم بەجێ نەهێشت وبەشداری بەرهەمێك بووم کەمایەی خۆش وجوانی کوردی پارچە پارچەیە.چ نەبێت هێزی کرێکاری کورد پێك ئەهێنن.) (بوومەلەرزە: 60). کەواتە لێرەدا ئاماژە بەڕۆڵی تاکەکان دەکات لەوشیارکردنەوەو ڕاهێنانی تاکەکانی تر لەڕووی خوراگری و چ کاریگەریەکی هەبووە لەپێکانی ئامانجەکانیان.

وێنەی ململانێ وبەرەنگاری لەزەینی تاکی کورد لەو پەیوەندییە نەستیە قووڵ و توندوتۆڵەوە هەڵقوڵاوە، کەوا خەبات وتێکۆشان وخۆبەختکردن کارێکی پێویست وپیرۆزە، تا ئەو ڕادەیەی کار گەیشتۆتە ئەوەی کوڕ لەبەرانبەر باوکی خۆی لەپێناوخاك ونەتەوەکەی سڵ نەکات و بوەستێتەوەهو هەڵوێستی لی وەربگرێت، دیمەنی ئەو بەرەنگارییە؛ حیکایەتخوان لەچیرۆکی (ڕاستی ڕووت) لەڕێی خیانەتکاری حەمەی حاجی ئاغاو لایەنگری سوارەی کوڕی لەهێزی شۆڕشگیراندا دەکات و دەگێڕێتەوە، لەوانە لەم دیالۆگەی سوارە و مامۆستا... سوارە دەڵێت : (

- کەوابوو لەدوو شۆڕش دان !
- بەلکو لەسێ شۆڕش داین.. کۆمەڵایەتی، چینایەتی، نەتەوایەتی.....
- شت هەیە بە زۆر بەسەر مرۆڤا بسەپێنرێ ؟
- بەڵێ.. گوایە، تۆ خۆت بەوە بەختیاری کەدەستت وای لێ هاتووە؟
- بەڵام هەر چۆنێك بێت، من لەپێناو ڕاستیا وام بەسەر هاتووە!
- کام ڕاستی ؟ کورد کوشتن ڕاستییە ؟
- نەخێر، بەڵام تێکۆشانی ژیرانە لەپێناو هێنانەدی ئامانجی کورد ڕاستیە.) (بوومەلەرزە : 77).

کەواتە سوارە زۆر ڕاشکاوانە باس لەچۆنیەتی هەڵویستی خیانەتکاری باوکی دەکات، چونکە سوارە لە بۆردومانی فرۆکەکانی دوژمن، جگە لەوەی دەستی لەدەستداوە هەروەها دایکیشی لەدەستداوە، بۆیە زۆر وشیارە لەئاست بێ بەزەیی دوژمن کەبوونیان لەوێدا هەمان چارەنووسی ئەوانی تربووەو باوکیشی زۆر بێباکە لەو چارەنووسەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە.لەم بارەیەوە مامۆستا دەڵێت : (بەهەر بیانوێکەوە هەبوو خۆی زۆر لێم نزیك کردەوەو بەگوێیا چرپاندم : نەك وەك هەندی کەس ئەڵین..ئەگەر نزیك بووینایە لەشار ئەمەمان بەسەر نەئەهات!!) (بوومەلەرزە : 80).

بۆیە باوکی سوارە پاکانە بۆ خۆی دەکات کەوا دڵسۆزی ئەوانە و یارمەتی هێزی شۆڕشگیران دەدات و ئاسۆی هیواکانی پەیوەستە بەئەوانەوە، کە دەڵێت : (بەراستی ئێوە نەبوان، ژیانێکی زۆر تاریکمان بەسەر ئەبردا! ژیانمان بێ ئێوە تاریك بوو.) (بوومەلەرزە: 80). لەترسی ئاشکرابوونی، هەولی هەڵاتن دەدا بەر لەوە لەلایەن هێزی شۆڕشگێرانەوە بگیرێت، بۆیە بەهاتنی مامۆستاو هاوڕێیەکانی هەستی بەدڵەڕاوکێ وشڵەژان کردبوو، بەڵام شۆڕشگێران چاوەڕێی کاتی جێبەجێ کردن بوون بۆ ئەوەی بیگرن.

ئەم وێنەی خیانەتکارییە لەچیرۆکی(کەژاوە)دا دووبارەدەبێتەوە لەو بارەیەوە مامۆستا دەڵێت : (دەمێکە کێخواهەموو شتێکی بڕیوەتەوە، لەگەڵ میری ڕێکەتووە، کە ئیتر هیچ نەکا و ئەوانیش وازی لێ بهێنن!..)(بوومەلەرزە: 83). لەلایەکی تریش حیکایەتخوان وێنەی بەرگری و خۆڕاگری لاوانی کورد و بەشداریکردنیان لەخەباتی نەتەوایەتیدا دەکات، دەڵێت: (گیانی نەتەوایەتی پاڵی بەقالەوە نا هەر لەسەرەتای هەراکەی ئەو دووایەدا خۆی بخاتە ریزی بەرگران وملی دەشت وشاخ بگرێ و

لەبانگەوازی سەربەرزیدا دوانەکەوێت.) (بوومەلەرزە : 88). کەواتە تاکی کورد بەردەوام سڵی نەکردۆتەوە لەپێناو نەتەوەو خاکاکەی، بەڵکو ڕووبەڕووی دوژمنەکەی بۆتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و تا چ ڕادەیەك خاکەڕایی بووەو گیانی فیدایی خاکەکەی کردووە.

## 3- لایەنی کۆمەڵایەتی.

سەرەڕای هۆکاری خراپی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لەکێشمە کێشمی دابونەریت و ململانێ کۆمەڵایەتیە باوەکاندا، کەچی نووسەر سەرکەوتووانە کۆمەڵێ بابەتی ڕووبەڕووبوونەوە و خوراگری هەمەجۆری سەرنجراکێشی (لەشێوەو ناوەڕۆکدا یەکخستووە، لەڕێی تێکەهەڵکێش کردنیانەوە بۆ خستنەڕووی ناوەڕۆکە ئەدەبیەکە، بەشێوەیەك ئەو ناوەڕۆکە سەرجەم لایەنە جوانکارییەکانی فۆرمی هونەری لەخۆبگرێت، هەروەها دیاریکردنی دەلالەتی کۆمەڵایەتی هەر لایەنێکیان.) (مروة، 1956 : 9) بەواتایەی هاوکێشەیەکی جوانی لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هێناوەتەکایەوە، لەنموونەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەدا.

حیکایەتخوان لەچیرۆکی (خۆر وەدەست دێنین) لەڕێی فلاش باکەوە وێنەی ململانێ ی لالە و براکەی(باوکی مامۆستا)مان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەر زاری لالە، کەلالە لەتەمەنی گەنجیەتیدا کەسێکی قۆشمەو مەشرەبخۆش بووەو گرنگی بەهیچ نەداوە، تەنیا خۆشی خۆی نەبێت، دەڵێت : (سەر زەنشتی خۆی ئەکرد کە لەهەڕەتی لاویەتی دا هەموو ئارەزووی ئەوەبوو لەڕەش بەڵەکا دەستی کیژێکی جوان بگرێ...لەسەر تاتە بەردەکانی مزگەوت قسەی زل و پان و پۆربکات..وای ئەزانی ژیان هەر دەبێ ئاسایش بێت وکەس تەنگی پێ هەڵنەچنێ..هەر لەسەر ئەوەش بوو لەگەڵ براکەی بەرۆکی یەکتریان گرت،

تا دەری پەڕاندو سەری خۆی هەڵگرت..کە ئەچووە شاریش سەری لێ نەئەداو هەواڵی نەئەپرسی.) (بوومەلەرزە : 12). کە لالە لەئێستادا و لەساتە وەختێکی یەکلاکەرەوەدا براکەی بیرهاتۆتەوە هەستدەکات، براکەی چەندە دڵسۆزی بووە بۆ ئەوەی درك بەپێشهات و واقیعی ژیانی بکات، ژیان لەوە قورسترە، کەوا لالە بەم شێوەیە بیباتەسەر.

لالە بڕیاردەدات، کە شەڕ کۆتایی پێ بێت(ئەچێتە شارو داوای لێ بوردن لەبراکەی ئەکات و بەدەستی خۆی ئاهەنگی ئایشێ ئەگێرێت.ئەوسا مردن حەقەو ناحەق نییە.) (بوومەلەرزە : 16). کەواتە کاراکتەر لێرەدا بۆ ڕابردوو، وخۆشەویستی وپەیوەندی خێزانی دەگەڕێتەوە، کە چەندە پێویستن لەژیانی مرۆڤدا بۆ ئەوەی ئاسودەبێت، جالەهەر سەردەم و قۆناغێك بێت، چونکە بێ بەریبوون، خۆدوورخستنەوەو ئاژاوە تاکەکان تەنیادەکەن. بۆیە لالە دەگاتە ئەو بڕیارەی، کە شەڕ تەواوبێت خۆی ئایشێ کچی لە برازاکەی مارەبکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەزاندنی نەریتە باوەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵە.

هەروەها نووسەر سەرکەوتوانە وێنای ململانێ دوژمنانی کوردی کردووە، بۆ تێکشکاندنی ورەو کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵ پەنای بردۆتە بەر دەستدرێژیکردنە سەر ئابرووی خانەوادەکانیان، ئەوەتا لەچیرۆکی (نەگوڵ، نەهاوڕێ، نەفرمێسك) کاتێك مام هۆمەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت، دوای ئەوەی پۆلیسێکیان بەفێڵی بردنی جاجمێك گوایە مام هۆمەر ناردوویەتی، چونکە شەو لەبەندیخانە دەمێنێتەوە، لە ئامە بەژووردەکەوێت و حیکایەتخوان دەڵێت: (لەژوورەکەدا وەك بەراز تەراتینی بەئامەی قەشەنگ ئەکرد..هەتا گرتی وەك گورگی برسی لەخۆڵی زەوی ژوورەکەی وەرداو جوڵە و هەستی لەبەر بڕی.وەك هەر ئەویش نەبووبێ، بەسەر

بەرزییەوە ئامەی لەتەك فرمێسك وئازارا، لەناو شەرمەزاری کردەوە نامرۆڤایەتیەکەی بەجێ هێشت، وەك نەبای دی بێ و نەباران.) (بوومەلەرزە : 31). ئارەزووە چەپەڵ و چڵێسەکەی بەتاڵ دەکاتەوەو وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و ئامەی بەدبەختیش لەنێو ئازارو شەرمەزاری بۆ خۆی و خێزانەکەی دەتلێتەوە، کە لەلایەك لەترسی ئابروو چوون و لەلایەکی تریش باوکی تووشی گۆبەندێك بکەن.

هاوتەریبی ئەو ململانێیە بەردەوامیەتی هەیە لەچیرۆکی(شاری خامۆش) دا کاتێ هەڕەشە لەپەروین دەکەن و دەڵێن : (

- بەکورتی، ئەوە باش بزانە، دووسبەی شەو دان بەهەموو شتێکا نەنێیت، وە ئەوەی ئێمە ئەمانەوی لێ نەدوێی..هەر کردەوەیەکی خراپ هەیە، لەگەڵتا ئەیکەین..
- خێرتان ئەگا.. شەرەفی..!
- ئەو شتانە بەگوێ ئێمەدا ناچێت!..
- ئەو شتان بەگوێ ئێمەدا ناچێت!..یان ئەبێ، وەك شیرین راستی بدرکێنی، یان وەك نەسرین، شەرمەزاری بۆ خۆت و خێزانە نەفامەکەت بهێڵیەوە..زانیت.) (بوومەلەرزە : 46).

کەواتە(ململانێ کاران دەیانەوێت ئەو لایەنەی تووشی ململانێ بوون لەگەڵیدا یان پێدەنگ بکەن، یان بیگرن یان بیکوژن. ئەگەر دوژمنەکەی بەشێوەیەکی ماتریالی نەکوشتبێت ئەوا هەوڵی ئەوەی داوە روحی بکوژێت، بەشێوەیەك کە نەیەوێت جارێکی دیکە لەبەرامبەریدا هەڵبستێتەوە) (ئانشتاین و فرۆید، 2007 : 17) بەو واتایەی لەناوبردن وفەوتاندنی بەها مرۆڤایەتیەکان لەلایەن دوژمنانەوە ساناترین جموجۆڵبووە بۆ هەڵتەکاندنی تاکی

بەرەنگاریکار تاکو چۆکی پێدابنێنین و دەستبەرداری ئامانج و هیواکانی ببێت.

ئەمەش نهێنی و ڕازی سەرکەوتن ودۆڕانە، کەدەسەڵاتدارە دکتاتۆرە سەرکەوتووەکان وەکو (کەسی سەرکەوتوو لەوە بەدوا بەردەوام لەمەترسیدایە لەوەی کەدوژمنەکەی لەبۆسەدایە بۆ تۆڵەسەندنەوەو بەناچاری بەشێك ئارامی و ئاسایشی خۆی لە دەستدەدات.) (ئانشتاین و فرۆید، 2007 : 58-59) بەو واتایەی لەهەندێ حاڵەتدا لایەنی دەسەڵاتداری سەرکەوتوو بەردەوام ململانێ وترسی لە لەناوچوونی دەسەڵاتەکەیدایە، کاتێك پەروین دەڵێت : (کەدیتەوە بیرم پێیان ووتم..شەرمەزاری بۆ خۆت و خێزانە نەفامەکەت ئەهێڵیتەوە، زانیت!! هیچ هیوایەکم بەژیان نامێنێ..لەبەر ئەوە بەڵێن بێت نەهێڵم بەزندویەتی ئەو گورگانە دەستیان بمگاتێ..، بۆیە بڕیارم داوە ببمە نموونە بۆ هەموو دیلێك.وەك نەسرین، هەمیشە لەبیرنەچمەوە. لەبەر ئەوە بەشانازییەوە لەلاپەرە خوێناویەکانی نەتەوەکەم ناوی نەسرین بەکۆڵنەدەر، ناوی من بە شەهید بنووسن.) (بوومەلەرزە : 49). کەواتە بەردەوام لەدڵەڕاوکێی لەناوچوونن لەبەرانبەر دەنگە ئازادەکان، بەخۆبەختکردنیان دەروازەی تازەتر لەبەرانبەر ئەواندا واڵادەکەن، کەنووسەر زۆر لێهاتووانە وێنای ئەو دەروازە واڵایەی کردووە.

کاتێك مامۆستا و مەلای گوند لەچیرۆکی (کەژاوە)دا دوایی تەواوبوونی مەراسیمی بەخاکسپاردنی فاتەی جوانەمەرگ و گەڕانەوەیان بۆ مزگەوت، مەلای گوندەکە چۆنیەتی بەسەرهاتەکەی بۆ مامۆستا دەگێڕێتەوە، لەناکاو خەڵکی گوند بەهەڵەداوان دێنەوە مزگەوت و، لەو بارەیەوە حیکایەتخوان دەڵێت : (بەهەڵەداوان ریش سپی و دەم راستی دێ خۆیان کرد بەژوورا، هەموو لەشیان پێ ئەکەنی..دەمیان نەکردەوە تەقە دەستی پێکرد، یەکێکیان

قورئانێکی هەڵگرت و بەرزی کردەوە..لەهەموو دڵیەوە ووتی : (

- خوایە سەریان بخەی و رزگارمان کەی لەم زۆرداریە.
- ئامین.

زۆری پێ نەچوو، کێخواو کوڕی کێخوا، شەتەك درابوون و لەدێ دەریان کردن.) (بوومەلەرزە: 99). دەکرێ بڵێین چەوساندنەوە و متکردنی دەنگەکان کاردانەوەی دەبێت لە وشیاربوونەوەو بەخۆداچوونەوە یەکی وردو قوڵە لەلایەن خودی تاکەکانی کۆمەڵ، چیتر نەتوانرێت مافەکانیان زەوتبکرێت، چونکە فاتە بڕیاری سەرهەڵگرتن دەدات دوای ئەوەی دەزانێت قالەی دەستگیرانی ماوە، هەرچەندەمارەبڕی کوڕی کێخوایە.

بۆیە کاتێ کوڕی کێخوا بەسەرهەڵگرتنی فاتە دەزانێت لەگەڵ پیاوەکانی شوێنی هەڵدەگرن و کاتێ دەگاتە فاتە بێ سێ و دوولێکردن فاتە دەکوژێت، هەرچەندە باوکە پیرەمێردەکەی فاتە لەکوڕی کێخوا دەپاڕێتەوە، بەڵام گوێ لەکەس ناگرێت، حیکایەتخوان دەڵێت: (لەدوورەوە تارمایی فاتە ئەبینین، کوڕی کێخوا ئاوزنگی وولاخەکە ئەداو بە ڕتاو خۆی ئەگەێنێتە فاتە، لەسەر وولاخەکەی دائەبەزێ و هەندێکی لێ ئەدا، فاتەش بەگریانەوە لێ ئەپاڕێتەوەو دەڵێت : (- توخوا وازم لێ بێنە.. من بۆ تۆ دەست نادەم !

- ئەی بۆ قالەی هەتیوی بەد فەڕ دەست ئەدەی ؟!
- ئەی نازانی خۆشم ئەوێ..حەزمان لێك کردووە.
- ووس، هەی بەدوو کەوتوو !!

فاتە خۆی لەدەستی ڕائەپسکێنێ بەڕاکردن ئەڕوات، کوڕی کێخواش ئەم جارە ناکاتە نامەردی وفاتە ئەگرێتەوە بە خەنجەری دەبانی بەرپشتی تێی بەر ئەبێت هەتا هەناسە لەبەر فاتە ئەبڕێ..) (بوومەلەرزە : 98-99). کوڕی کێخوا بەپاساوی نامووس پارێزی فاتە دەکوژێت، بەڵام

لەڕاستیدا هۆکاری کوژرانی فاتە حاڵەتی دەروونی خۆشەویستی خاوەنداریەتی(حب تملك) هەبووە، کەدەبێت هەموو بوون و شتی بەبەهاو جوان و نایاب بۆ ئەوبێت، فاتەش یەکێك بوو لەو بوونانەی کەدەبوو بۆ ئەو بێت، چونکە کاتێك بریندار دەبێت، یەکێ لەنۆکەرەکانی کوڕی کێخوا بەدرۆ هەواڵی شەهیدبوونی قالەی ئامە بۆر بەگوند بڵاودەکاتەوە، تاکو کوڕی کێخوا فاتە بخوازێ، کەباوکی فاتە، فاتەی پێشکەشی قالە کردبوو دوای ئەوەی قالە داوای کردبوو بەر لەوەی بچێتە ڕیزی خەباتی شۆڕشگێری و تاکو برینداربوونی.

بەڵام کاتێ فاتە سەرهەڵدەگرێت کوڕی کێخوا دەیکوژێت، چونکە تووشی خۆبەدەستەوەدانی دەروونی هاتووەو پەکلابۆتەوە کەوا فاتەی لەکیسچووە، بۆیە دەگاتە ئەو هەڵویستە، ولیام جێمس لەم بارەیەوە دەڵێت: (دەتوانرێت بەدوو ڕێگە لەتوڕەیی و دڵەڕاوکێ وترس وبێ هیوایی وهەستەکانی تر ئازادبین، یەکەم: پێویستە هەستێکی دژوار پەلامارمان بدات، دووەمیش دەروونمان بەجموجۆڵێك ماندووبکەین، تا ئەو ڕادەیەی وامان لێدەکات بوەستین، بەم شێوەیەش هەرەس دێنین و خۆمان بەدەستەوە دەدەین و گرنگی بەهیچی تر نادەین، ئنجا بەشی هەڵچوون لەمێشك دەستبەکار دەبێت و نقومی حاڵەتێکی کاتی هەستکردنی گەوجی دەبین.) (صلاح النصر، بدون سنة الطبع : 102). پەلەقاژێی مرۆڤ لەحاڵەتێکی دەروونی بەم شێوەیەو نەبوونی هیچ شارەزاییەك سەبارەت بەم حاڵەتە دەبێ هەڵویست و هەڵسوکەوتی چۆنی لێبکەوێتەوە لەکۆمەڵگایەکی عەشیرەتگەری دەسەڵاتدار و چەوسێنەردا، بۆیە هەڵوێستی کوڕی کێخوا هەڵوێستکی پڕ شکۆیە لە کۆمەڵگایەکی نەریتی لەلایەك و لەلایەکی تریش ترسی لە دەستدانی دەسەڵات و دەستبەرداربوونیەتی، کەواتە

دەکرێ بڵێین ئەرکی دەق تەریب بوونێکی هێمایی جوڵەی تاکەکانیەتی لەواقیعدا، کە هەرگیز ناکرێت کۆکردنەوەی تاکەکان لەسەر ڕووپەڕەکان بهێنرێتەکایەوە، ئەگەر چاکەو خراپە ئامادەیی تیایدا نەبێت.

## 4- لایەنی ئایینی.

لایەنێکی تری ململانێ، کەوا نووسەر زۆر بۆیرانە تاوتۆیکردووە ململانێ ئایینیە، بەمەبەستی هێنانەکایەی ململانێیەکی (فیکری، کە لەسەر بنەمای مشتومڕو گفتوگۆیەکی حەکیمانە و ئامۆژگاری باش بێت، ململانێیەك لەپێناو پێشکەوتن وڕاستی وبنیاتنان وڕێکەوتن، لەیەك دەنگی و یەکگرتنی ڕیزەکانی گەل و بڵاوبوونەوەی ئارامی وئاسایش لەنێو ڕۆڵەکانیدا، ئەم ململانێیە کە هەڵدەستێت بەپاڵنانی تاکەکان بەیەکتر... دادپەروەری بەرقەراربێت وسەربەستی بێتە کایەوە.) (وادي، 1996 : 16) و تاك هەست بەئاسودەیی وئارامی بکەن و لە چەمك وبوارو دیاردەو بوارەکاندا بەرچاو ڕوونبن و بتوانن لەنێوان ئەرك ومافدا بڕیاربدەن.

بەڵام ئەو دیاردەی لە چیرۆکی(کەژاوە)دا خراوەتەڕوو پێچەوانەی دیاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەرە، بەڵکو بەرەنگاری و ململانێیەکی گرژ و توند لەخودی تاکەکان خۆیاندا دەگوزەرێت، تائەو ڕادەیەی کەناتوانن بڕیاربدەن، بەڵکو لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوەو بەپێ بەرژەوەندی کەسی دەچنرێتەوە، کەنوسەر زۆر سەرکەوتووانە ئاماژەی بەم دژوارییی و ململانێیە کردووە لەکەسایەتی مەلای دێیەکەدا، لەوانە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ مزگەوت دوایی بەخاکسپاردنی تەرمی فاتەی جوانەمەرگ، لە وەڵامی پرسیاری مامۆستای دێیەکە دەڵێت: (ئەگەر ڕاستت ئەوێ من نەبوومایە، هەر مەلایەکی تر بوایە لەجێگای من کفن و دفنیشی

نەئەکرد.) (بوومەلەرزە : 92). دەکرێ بڵێین؛ لەڕووی شەریعەتەوە ناکرێت وابڵێت، چونکە فاتەی جوانەمەرگ خۆی، خۆی نەکوشتووە، بەڵکو کوژراوە، تاکو ئەو ئەو دەستەواژەیە بەکاربهێنێت. لێرەدا ئەو لەنێوان ململانێیەکی شەرعی و کلتوریدایە، لەژێر کاریگەری نەریتی کلتورییەوە هەڵویستی خۆی دەخاتەڕوو بەبێ گوێدانە مافە ئایینیەکان، کەکوشتن لەئایینەکاندا ڕەتکراوەتەوە.

هەر لەدرێژەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا مەلای دێ باس لەپیاوانی کوڕی کێخوا دەکات، چۆن بەدرۆ هەواڵی شەهیدبوونی قالەی ئامە بۆر بڵاودەکەنەوەو دوایی مارە بڕینی فاتە لەلایەن کوڕی کێخواو چاکبوونەوەی قالە، کە مام فەتاح بەڵێنی بەقالە دابوو فاتمە ببێتە خێزانی، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکەی، کوڕی کێخوا تەڵاقی بدات بۆ ئەوەی ئەو مارەی بکات، مەلا دەڵێت: (قالەی ئامە بۆر کاغەزێکی لەسەرکردەیەکەوە بۆ هێناون و کاربەدەستی دێیەکەیان ئەمانی هەڵبژاردووە کەبێن و مام فەتاح رازی بکەن، فاتە تەڵاق بدرێ و لەسەر بەڵێنی باوکی فاتە لەقالە مارە بکرێت و تێچووی مارەبڕینەکەیش هەر چەندێك بێت بۆیان بگەڕێنێتەوە، حیکایەتخوان لەو دیالۆگەی مەلا و مامۆستای دێیەکە بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت: (- ئێ.. بەڕاستی قسەیەکی جوانە..کەقالە مابێ، هەر بۆ فاتە باشە!

- منیش هەر لەسەر ئەو ڕایەی تۆ بووم.. چونکە دیاربوو نۆکەرەکەی کێخوا درۆی کردبوو.) (بوومەلەرزە : 94). کەواتە مەلای دێ هاوهەڵوێستە لەگەڵ مامۆستا، کەچی لەلایەکی تر، کاتێ باس لەکوڕی کێخوا دەکات، لەم بارەیەوە حیکایەتخوان دەڵێت : (فاتە خۆی لەدەستی ڕائەپسکێنێ و بەڕاکردن ئەڕوات، کوڕی کێخواش ئەم جارە نایکاتە نامەردی و فاتە ئەگرێتەوەو بەخەنجەری دەبانی بەر پشتی تێی بەر ئەبێت هەتا هەناسەی لەبەر فاتە

ئەپرێ...هەر چەندەمام فەتاح لێ ئەپاڕێتەوە بێ سوود ئەبێ.) (بوومەلەرزە : 99). دەکرێ بڵێین مەلای دێی بەگوێرەی کەسەکان هەڵوێست و بۆچوونی خۆی دەگوڕێت و لەسەر بۆچوونێك جێگیرنییە، بەڵکو لەگۆڕانێکی بەردەوامدایە بەپێ بەرژەوەندی کەسی بەرانبەر دەگۆڕێت، بەو واتایەی لەنێو خودی خۆیدا لەململانێیەکی ناجێگیرە لەنێوان ئایین وکلتوردا نەیتوانیوە خۆی یەکلابکاتەوە و کاریگەری هەبێت لەسەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵدا، بەڵکو بەرگری لەکلتوردەکات، ئەمە جگەلەوەی مافی کوشتنی فاتمە بەڕەوا دەزانێت، گوایە کوڕی کێخوا پیاوەتی خۆی پێکاوە لە کوشتنی فاتمەدا.

## ئەنجام

پاش لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لەبابەتی(چەمکی بەرەنگاری لە کۆمەڵە چیرۆکی (بوومەلەرزە) ی کاکە مەم بۆتانی) گەیشتینە ئەم ئەنجامهانەی خوارەوە :

١- بەرەنگاری وێنەی خانەکان بەردەوام لەپووکانەوەو گەشەی بەردەوامدایە(وێنەی دیاردە خۆرسکەکان، پەیوەستە بە ژیانەوەو نیشانەی زیندوویی هزر دەخاتەڕوو، کەوا ژیان لەگۆڕانکاری بەردەوامدایە.).

٢- بێدەنگی لای کاکەمەم سوڕێکە لەسوڕەکانی بەرەنگاری، یاخود خەسڵەتێکە ـ هەڵوێستێکەلە پێکهاتەی کەسایەتی ئەودا، پێ بناسرێتەوە، (لەلایەنی کۆمەڵایەتی- سیاسی ـ ڕۆشنبیری)، بێدەنگی سەختترین پلەکانی بەرەنگاریبوونەوەیە.

٣- بابەتی دەقەکان لەواقیعی کۆمەڵەوە وەرگیراون، نووسەر سەرکەوتوانە و گوزارشت لەماوەی نێوان ساڵانی(40-70) کانی سەدەی بیستەم دەکات.

٤- تێکڕای کاراکتەرەکان(سەرەکی ـ لاوەکی) پەرەسێنن و ئاستەنگەکانن دەپەڕینن، بەلایەنی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی.

٥- مردن و شەهید بوون هێمایەکە لە هێماکانی بەرەنگاری(ژیانەوە).

## سەرچاوەکان


- ئامێدی، د. عەبدوڵڵا یاسین عەلی (2005) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرووداI939-1970، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە" هەولێر.
- ئانشتاین و فرۆید (2007) و. مەریوان هەڵەبجەیی، پاڵنەرەکانی جەنگ، خانەی وەرگێران، چاپخانەی تیشك.
- أبو حاقة، د. أحمد (1979) الالتزام فی الشعر المقاومة، دار العلم للملايين، بيروت.
- بۆتانی، کاکەمەم (1969) بوومەلەرزە(کۆمەڵە چیرۆك)، چاپخانەی شەفەق، بەغدا.
- ________ (2005 ا) بەها ڕێزان، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی.
- ________ (2005 ب) کاکەمەمێکی تر(بەرگی یەکەم)، بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ : چاپخانەی سیما، سلێمانی.
- ________ (2007) ژانە خۆڵەمێشیەکان(بەرگی دووەم) ، چاپخانەی بینایی، کوردستان.
- حسين، د. حسنی محمود (1968) مطالعات فی شعر المقاومة العالمية، دار ألشؤن الثقافية العامة، العراق ـ بغداد.
- حەبیب الله، جمال (بێدار) (2010) وشە نامە(هۆرامی- کوردی ناوەڕاست)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیریز، دهۆك.
- د.السيد نجم، أدب المقاومة، المعهد العربي للبحوث والدراسات وألاستراتيجية : www.airss forum.com .
- السامرائی، ماجد (1969) مع الجواهري وقضايا الشعر المعاصر، مجلة الاقلام، العدد 10، السنة الخامسة.
- شكري، د. غالي (1970) أدب المقاومة، دار النشر المعارف، القاهرة.

- الفارابى، دار. المقاومة فى الادب السوفيتى، دراسة ومختارات 1939-1945سلسة دراسات نقدية، دار الفارابى بدون سنة الطبع.
- الكساسبة، د. عبدالله مسلم. تجربة سليمان القوابعة الروائية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع عمان ـ أردن، الطبعة العربية.
- گەردیلانی، ئەمین (2009) فەرهەنگی ڕێژەگە(کوردی- فارسی)، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.
- متى، د. فائق (1966) أليوت، دار المعارف، سلسلة نوابغ الفكر العربى.
- محمد، پەرێز صابر (1992) بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی ماستەر، کولیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.
- محمد، د.جليل حسن (1998) ظاهرة التحدي فى شعر الجواهري، مجلة زانكو(العدد الخاص بوقائع المؤتمر العلمي الثالث-الدراسات الانسانية)، الجزءالاول.
- مروة، حسين (1956) قضايا أدبية، دار الفكر، القاهرة.
- النصر، صلاح . الحرب النفسية (معركة الكلمة و المعتقد)، الجزء الثاني، القاهرة، الطبعة الثانية، بدون سنة الطبع.
- وادي، د. طه (1996) الرواية السياسية، دار النشر للجامعات المصرية، القاهرة، الطبعة الاولى.
- يوسف الضمرة، ادب المقاومة بين الواقعية و البطولة : www.aljazeere.net.

## ملخص البحث

هذا بحث، بحث نقدي تطبيقي حول [مفهوم المقاومة فى مجموعة القصيصة(الزلزال) لكاكة مةم بوتانى] كنعصر البنائي ومحرك الاساسي للجميع العناصر سرد قصصي، وهذه خصائص جعل من الروائين أن يثيرو هذا محور المحرك طوال المسيرتهم الروائية، لكي يقدموا للقراء التصورات مثيرة وفنية. والقاص كاكة مةم إستطاع ببراعته ودقته الثاقبة ان يصور مواقف واقعية عن المجتمع فى الفترات (40-70) قرن الماضي لما عاشه المجتمع تحت سلطة الطاغية.

يتكون البحث من الفصلان وعدة محاور حيث تناولنا فى الفصل الاول مفهوم المقاومة من حيث حوار مستمر طوال تأريخ البشرية والفنية، وكذلك رؤية القاص السيد كاكةمةم لهذا المفهوم وكيفية تعامله مع المواقف.

فيما يخص الفصل الثاني خصصناها لتطبيق المجموعة القصيصة من حيث الجوانب التى ورد فى نصوص منها، جانب السياسي، القومي، الاجتماعي و الديني معتمدين على مجموعة الامثلة المتخذة من النصوص.

**Abstract**

This is a criticism analyzing study on combating concept in group of stories (Bumalarza) by Kaka Mam Botany.

The motivations element is one of the most important components of the narrations. This factor could be regarded as the distinguished element that pushes the authors to urge motivations، which consequently lead to attractive views or scenes for the audiences and/or readers.

This could be obviously noted in Kaka Mam's stories، who has well organized the characteristic features.

This study has been organized in compliance with criticism analyzing methodology. The study has been divided into two parts; the First Part is about the theory which deals with combating concept and combating concept، in Kaka Mam's point of view.

The Second Part is the narration of combating styles، which was applied by the author، for example the political struggle، revolutionary style combating، national، social and religious.

All these styles have been analyzed as per examples and most of them have been presented as practical scenes.

A conclusion also has been presented with list of sources.